# چاپتەری یەکەم

پێشەکی

نامانەوێت بەدەستپێکێکی نەرێنی و ناخۆش دەست پێبکەین، بەڵام لای هەمووومان ڕوونە، کورد لەم سەردەمەدا لەنەهامەتی دایە و ئەمەش شتێکی تازە نییە بۆ ئەوەی لێرەدا وەکو شتێکی نوێ لەبارەیەوە بدوێین، تەنیا ئەوە نەبێت دوژمنە تەقلیدی و قەیرانە بەردەوامەکانمان هەمان شتن و لەکۆنەوە درێژەیان هەیە و کورد لەبازنەیەکی تۆقێنەری داخراوی نەزانین و ئابلووقەدان و سڕینەوەدا دەژیت.

قسەی کۆن هەیە دەڵێت "ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار"، ئەمە لەکۆنەوە بۆمان ماوەتەوە، واتە بەردەوام کیشەکانمان زیادی کردووە و بەرەو ئاڵۆزیی و بێ ئومێدی و قورستر بوونی کێشەکان چووین. بەسادەیی دەپرسین باوک و باپیرانمان چۆن بوون؟ ئەوان ئەم ڕستەیەی سەرەوەیان لەوەڵامی ئەم پرسیارەی ئێمە بۆ جێهیشتووین و ئەم وەڵامە لەگەڵ ئێمەشدا بەردەوامە و ئێمەش هەمان وەڵام بۆ نەوە تازەکانمان بەکاری دەهێنینەوە.

"ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار" بەڵێ سەدە دوای سەدە ئەم گوتەیان دووبارە کردۆتەوە و ئێمەش بەکاری دەهێنین، وەکو ئەوە وایە ئەمە تەنیا میرات و دەستکەوت بێت بۆ ئێمە مابێتەوە. سەدام حوسێن ڕۆیشت و سەردەم و ئەخلاق و سیاسەتی ئەو گەڕانەوەی بۆ نەبێت، ئەزموون و دۆخێکی نوێ دەستی پێکرد، ئەم دۆخە نوێیە هەمووومانی شاگەشکە کرد، بێ ئەوەی بیرلەوە بکەینەوە یادی سەدام وەکو بیرەوەرییەکی خێر و کاردانەوە لەهەمبەر دۆخی نوێمان چەندە ئازار بەخش دەبێت. هەندێک ڕەحمەت بۆ سەدام دەنێرن، لەڕقی ناعەدالەتی و داتەپینی دۆخی ئابووری و ململانێی حزبایەتی نەگونجاوی ئێستامان، دڵنیاین ئەمەیان لەخۆشەویستی و نەناسینی سەدام نییە، بەڵکو کاردانەوەیەکی بێ بیرکردنەوە، بەراوردێکی خراپی ئێستای پڕ لەکێشەیە، بە سەردەم و دۆزەخێکی هەقیقی سەردەمی سەدام. بۆیەشە "خۆزگە خواستن بە پار" ڕاکردنە لەوەڵامی هەقیقی ئێستا. سەدام حوسێن تاوانباری جینۆسایدی کوردە، ژیانی ئاسایی لێ قەدەغەکردین و خاکی سوتماک کرد و کیمیابارانی کردین، بەڵام کە تاک تووشی قەیران و کێشەی ڕەشبینی و دڵەڕاوکێ دەبێت، لەئەنجامی نەبوونی چارەسەری گونجاو بەرەو دواوە ڕادەکات و پێیان وایە

سبەینێ لەئەمڕۆ خراپتر دەبێت لەسایەی دۆخ و هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدا.

ناکۆکی وخۆخۆری هێندە خراپ تەشەنەی کردووە، جیاوازی بیرورا وەکو سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتر پێناسە کردووە و لەنێوەخۆماندا ناکۆک و دابەشبووین، لەنێو خانەوادە و گەڕەک و کۆمەڵگا دژ بەیەک و بێ متمانە و قین هەڵگری دژ بەیەک هەڵسوکەوت دەکەین، بۆیەشە ئەمە هەمیشە وامان لێ دەکات دوێنێ بەباشتر لە ئەمڕۆ ببینین، ئەمە وامان لێ دەکات لە شارستانیەت و پێشکەوتن و گەشەکردن و بیناکردنی دادپەروەریی و دیموکراسی کۆمەڵایەتی و سیاسی دووربکەوینەوە، یان بەلای کەمەوە خۆمان لەبەرپرسیاریەتی لەئاستی تاک و کۆمەڵ بدزینەوە، ئەم خۆ دزینەوەیەش گەڕانەوەیە بۆ دواوە، نەک هەنگاو نان بەرەو پێش و نوێبوونەوە و بوژانەوە. گەلێک نایانەوێت، یان بەخۆکرد جیاوازیی لەنێوان دژایەتی کیانی کوردستان و حکوومەت ناکەین، دەسەڵات و سەروەرییەکان لێکجا ناکەنەوە و دژایەتی و ڕق لای هەندێک بۆتە بەرنامە و پرۆگرامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکری و وەکو بەشێک لەکەسایەتی هاوچەرخی کوردستانی بەکاری دەهێنن.

حکوومەت لەقەیران دایە و شێوازی حوکمەکەی پێویستی بەپێداچوونەوە و لێکدانەوەی عەقڵمەندانە و ژیرانە هەیە. ئارامی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەئاژاوە و نائارامی دایە. هەموو شتێک لەسیاسەت و لەڕوانگەی سیاسییەوە شیکار دەکرێت و کاری لەبارەوە دەکرێت، لەکاتێکدا سیاسەت کاردانەوە و بیرۆکەی کاتیی و ناسەقامگیریی کۆمەڵگایە. دوژمنەکانمان لەهەموو لایەکەوە ئابلوقەیان داوین و دابەشیان کردووین، ئێمە هەمیشە "تەنیا شاخ بەدۆستمان" دەزانین، لەکردەوەشدا ئەمە ڕاستە، هەرچەندە دەبێت بیر لەڕێگا و هۆکاری نوێی دۆستایەتیش بکەینەوە، سەردەمی ئێستا هەمان سەردەمی سەد ساڵ و هەزار ساڵ بەر لەئێستا نییە.

ئێوە هەرگیز لەخۆتان پرسیووە، ئێمە بۆچی لەم دۆخە داخراوە قورس و ترسناکە پڕ لەناکۆکی و قەتسیبووەدا ماوینەوەتە؟ قوربانیەکی ئێجگار زۆر، دەستکەوتی باش، بەڵام لەئەنجامی ناکۆکی و دوودڵی و ڕکابەری ناوەخۆیی، هەمیشە دۆخێک دروستکراوە، کە یەکبوونی نەتەوەیی و هەماهەنگی کوردستانی و یەکگوتاری کوردستانی وەکو قەیرانێکی بەستراوە بە پاشخانی (شارستانیەتی وەسفکراو بەلاواز و یاخود نەبووا!!)ی کوردی لێکبدرێتەوە. زۆر لە ئێمە وانیشان دەدەین، کە کورد لەقەیرانە چونکە خاوەنی شارستانیەت و کەلتوور و ڕۆشنبیریی خۆی نییە،

بەواتایەکی دیکە لەپێناسەی سەردەمدا دەوڵەتی خۆی نییە و بێ کەسایەتی و بێ کیانە.

کەسایەتی ئەمەریکییەکان بەستراوەتەوە بە هێز و دەسەڵات و پێگەی دەوڵەتی ئەمەریکی، ئەمە بۆ فەرەنسی و ئەلمانی و کەدەنی و ئوسترالیی و میسری و سعودی و ئێرانی و کۆری و هیندییەکیش ڕاستە. ئێمە کە خۆمان بە خۆزگەی پار دەبەستینەوە، واتە گەڕانەوە بۆ هیچ، گەڕانەوە بۆ یادەوەری دۆزەخی سەدەکانی بێدەنگی و تێکشکان و بێ کیانی و بێ دەوڵەتی، بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە کورد و تیرە و هۆزە کۆنەکانی کوردستان لەقۆناغی جیاوازدا شارستانیەتیان دروستکردووە و خاوەنی کیان و هێز و سوپا و دەوڵەتی خۆیان بوون.

کەسمان پرسیاری هەقیقی و بنەڕەتی لەخۆمان ناکەین، هەمیشە بەشێوەیەکی لاوەکی و دوور لەبەرپرسیاریەتی دەئاخڤین و لێداون دەدەین، ناپرسین بۆچی ئەم هەموو نەهامەتییە و بۆچی درێژەکێشانی دۆخی کورد لەناوچە و جیهان بێ ئەوەی کوردیش ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی؟. لەخۆمان ناپرسین بۆچی بەشی زۆری نەهامەتی و دواکەوتن و گۆشەگیرمانەوەمان بە دوژمنەکانمان دەبەستینەوە و خۆمان لەبەرپرسیاریەتی بەدوور دەگرین، ئاماژە بەوە ناکەین کەخۆشمان هۆکارێکی دیاری کێشە و قەیرانەکانمانین؟ بێگومان ناتوانین بگەینە وەڵامی هەقیقی، ئەگەر پرسیاری هەقیقی نەکەین. لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین، ئەم شتانە روونبکەینەوە، گفتوگۆیەکی کراوە دەست پێبکەین و دەرگایەکی عەقلانی گەورە بکەینەوە، کە بەرەو وەڵامی دروست و بیرکردنەوەی چاک و کرداری گونجاو و نەریتی پێشکەوتوومان دەبات.

تێگەیشتن پەیوەندی بەتوانای تۆوە هەیە، بۆیە بێ تانە و پلار لەکەسانی دیکە، بی کەم کردنەوەی بەها و پێگەی ڕکابەر و دژایەتی فکرە پێچەوانەکانی خۆت ئەم کتێبە بخوێنەوە، ئەم کتێبە بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بەرهەمهێنراوە، نەک سەپاندنی فکر و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێکی تایبەتی دیاریکراو. ئێمە دەبێت لە فکری داخراو و ناوچەی داخراو و ئایدیۆلۆژیا لەقالبدراو دەربچین، ئەمەش تەنیا بە گفتوگۆی بەرهەمداری فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدی دێت.

بێ توندڕەویی لەبیرکردنەوە و بەکارهێنانی مێژوو، بێ دەمارگیری پێتان دەڵێین لەسەر ئەم خاکەی ناوی کوردستانە لەکۆنەوە، چەندەها شارستانیەت و ئیمپراتۆر و میرنشین دامەزراون، کە بەشداریان لە پەرەپێدانی شارستانیەت و مرۆڤایەتی کردووە.

لەناکاو چرا کوژایەوە، ڕووناکی نەما و دەوڵەت و کیان و کەسایەتی کورد کەوتە نێو تارکییەکی بێ کۆتایی و دەیان سەدە لەبێدەنگی و سەرکوت و ئازاردا دەستی پێکرد، ئەمە لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێش درێژەی هەیە. لەئەنجامدا دەوڵەت و دەسەڵات و هێزی کوردی رووخا و خزێنرایە نێو چەرخی لەبیرچوونەوە و بیرەوەرییەکانی کورد لە ڕەشبینی و نەبوونی و بێ پاشخانی و بێ شارستانیەت کورتکرایەوە. دۆخی کۆمەڵایەتی بەرەو دوواوە چوو، باری ئابووری داهێزرا، گەشەکردنی چینایەتی شێوا، کەلتووری کوردی داگیرکرا و کەسایەتی کوردی دابەش و لەتکرا، تەنیا بیرکردنەوەی هزری کوردی لەقالبی نەبوون حیساب دەکرێت. کورد وەکو کۆیلە هەڵسوکەتی لەگەڵ کراوە، ئەمەش وایکردووە کەسایەتی و هزری کوردی بەردەوام لاواز و پاشکۆ و داخراو و گۆشەگیر نیشان بدرێت و متمانە بەخۆبوون و بوژانەوەی کیان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بەکارێکی نەکردە وەسف بکرێت، یان هەندێک لەزەت لە ژێردەستی و پاشکۆبوون و خۆبەستنەوە بەداگیرکەران وەربگرن، کە لەزەتی کۆیلە، لە خۆبەستنەوە بەخاوەنەکەیەتی.

کاتێک بمانەوێت خۆمان لەم نەزانین و کوێرەوەرییە دەربازبکەین، پێویستمان بەعەقڵ و مەعریفە دەبێت، هەر کاتێک بڵێین ساسانییەکان کوردبوون، برایەکت لێت قیت دەبێتەوە و بۆچوونەکەت ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر بڵێین داهێنمان هەبووە و شارستانیەتی ناوچەکە کورد دروستی کردووە، خوشکێکت لێ رادەپەڕێت و قسەکانت بە کۆمیدیا دەچووێنێت. هەرشتێکی باش لەبارەی کوردە بڵێیت، کوردێکت لێ رادەپەرێت و ڕەتی دەکاتەوە کورد کاری باش و کرداری چاکی ئەنجام دابێت. لەڕاستیدا ئەمە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندەیە کە لەزانستی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێی دەڵێن کەسایەتی ڕووخاو و پەرتوبڵاو ( Derealization-Depersonalization Disorder-DDD ) ئەمە نەخۆشییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیشە، نەخۆشەکە بروا بە بوون و هەبوونی خۆی ناکات، وەکو ئەوە وایە نەخۆشەکە لەئاوێنەیەک سەیری خۆی بکات، بەڵام بروا نەکات ئەمە خۆیەتی. ئەم دەردە کوشندەیە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا بڵاوە، نە بروا بەبوونی خۆمان دەکەین، نە ئامادەین دان بەبوونی براو و هاوخوێن و دراوسێ و هاونیشتمانییەکانی دیکەی خۆمان بنێین. دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای ئێمەوە وەکو ئەوە وایە تووشی نەخۆشی DDD بووبێت. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو تاکێک هەمان کێشەی هەیە، نەخێر کەسانێک هەن ژیرانە و بەشێوەیەکی تەندروست بیردەکەنەوە و هەڵسوکەوت

دەکەن، بەڵام ئەوانیش لەنێو کۆمەڵگایەکی نەخۆش و پڕ لەکێشەدا هەنگاو دەنێن، کە پێویستیان بە گفتوگۆ و بیرکردنەوە و بڕیاری عاقڵمانەدانەی سەخت هەیە.

لەوەپێش هەندێک لەڕۆشنبیران کاریان کردووە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن و هەندێک لەم هەڵە و تێڕوانیانە ڕاست بکەنەوە، کەلەنێوان خۆمان و لەدەرەوەی خۆماندا دروستکراوە. هەندێک لەڕۆشنبیران کاریان کردووە لەچوارچێوەی گەڕان و لێکدانەوە فەلسەفەی یۆنانی و مارکسی و بونیادگەری و کەلتووری ئیبراهیمی چارەسەری ئەم کێشانە بدزۆنەوە، بەڵام هیچ یەکێک لەم ئاراستانە نەبوونەتە چارەسەری بنەڕەتی کێشەکان. لە راستیا ئەمانە کێشەکەن نابن بە چارەسەر. بەهیوای گفتوگۆیەکی بەرهەمهێنرانە، بەهیوای دیالۆگێکی کراوەی ئازاد و دیموکراتیانە لەپێناو دەربازبوون لە DDD و هەنگاو نان بەرەو ئایندەیەکی گەش، کە بیر لە بەیانییەکی بەرهەمدار بکەینەوە، نەک بڵێین خۆزگەمان بەپار.

نزیکەی یەک بلیۆن مرۆڤی نەخوێندەوار پێیان نایە نێو ئەم سەدەیە،

پەتا و نەخۆشی لە زیادبوون بوو، کە دکتۆر و نەخۆشخانە و دەرمان بەشی نەدەکردن،

کەسانێکی زۆر ڕۆژانە کەمتر لە ٢.٥ دۆلاریان داهاتبووە

٢٨٠ ملیۆن کەس داهاتیان ١.٥ دۆلار

٤٠ ملیۆن منداڵیش بێ شوێنی ژیان و حەوانەوەن

٧٥٠ ملیۆن کەس ئاوی خواردەنەوەیان وەکو پێویست نییە

٢٧٠ ملیۆن منداڵ بێبەشن لەخزمەتگوزاری تەندروستی

٧٠.٨ ملیۆن کەس لەڕێگەی قاچاخەوە کۆچیان کردووە و وڵاتەکانی خۆیان بەرەو وڵاتی دیکە جێهێشتووە

، هێندەی جەنگ و شەڕ و ماڵوێرانی لەسەرتاسەری جیهاندا هەیە، ئاشتی بەو ئاست و ڕادەیە بوونی نییە، داهات و دارایی وڵاتان هێندەی لەکڕینی چەک بۆ ماڵوێرانی خەرج دەکرێت، ئەوەندە بۆ بیناکردن و چاکسازیی و بەرەوپێشەوەبردنی وڵاتەکان

بەکار ناهێنرێت، ئەم بڕە داهات و پارەیەی لەپێناو خۆپڕچەک کردن خەرج دەکرێت، ئەگەر لەبواری تەندروستی و خزمەتگوزاری مرۆیی و پەروەردە و فێرکردن بەکاربهێنرێت، مرۆڤەکان دەیانتوانی لەژیانێکی ئارام و ئاسودە بژین و وڵاتەکانیش لەجیاتی کاولکاری بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن.

ئەگەر بەژمارە گفتوگۆ بکەین بۆمان دەردەکەوێت بەپێی داتا و ژمارەکان ڕۆژانە ٢٨ هەزار منداڵ بەهۆ برسیەتی دەمرن و نەزانین و کۆیلایەتی بەشێوەیەکی زۆر پەرەی سەندووە، ئەوانەی تیۆر و فکر و پرۆگرامی نوی بۆ چارەسەری ژیان و بژێوی و ئاسودەیی و ئارامی و چاککردنی ژیانی ئەو خەڵکە پێشکەش دەکەن، هەمان ئەو شتانەیە کە لەبنەڕەتدا هۆکارن بۆ دەرکەوتن و دروستبوونی ئەم کێشانە و پەرەپێدانی ئازارەکانی مرۆڤ و چەوسانەوە و کارەسات و کوێرەوەری.

گفتۆگۆکانی ئێمە، بیرۆکەی ئێمە هەر تەنیا بۆ چارەسەری کێشەت تاک و کۆمەڵگا و دەسەڵات و حکومڕانی کوردستانی نییە، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی و جیهانە، کورد لەئازارەکانی دەربازی نابێت، کە دونیا لەسەر بنەمای ناعەدالەتی و کۆیلایەتی و ناهاوسەنگی و خراپی باری ئابووری و فراوانبوونی مەبەستەکانی جەنگ بەڕێوە بچێت، مرۆڤایەتیش ئاسودە نابێت، کە نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان هەتا هەتایە بێ دەوڵەت و ئاسودەیی و بێ عەدالەت و ڕزگاربوون لەپاشکۆیەتی بژین، بەواتایەکی دیکە چارەسەری دۆزی کوردستان خزمەتی فکری مرۆڤایەتی و ئاشتەوایی جیهانی و ئارامی لەناوچەکە دەکات، بەپێچەوانە ئازاری مرۆڤی کورد، بەشێکە لەئازارەکانی مرۆڤی جیهانی و سەرتاپای جیهان.

سەقامگیری و پێشکەوتن لەوەدا بەدی نایەت، لایەنێکی براوە، فەرمانرەوا بێت بەسەر لایەنی دۆڕاو، یان ئەم تیۆرە نەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات، کە لایەنی براوەی وەکو هێزی هەق و ڕەوا سەیر دەکرا، با نموونەی ئەوە بهێنینەوە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن ڕژێمی عێراقی و بەتایبەتی لەسەردەمی سەدام حوسیندا، نەک هەر تەنیا زیانی بەکورد گەیاندووە، نەخێر، لەکورد زیاتر هێزە عیراقییەکان و حکوومەتی بەغدا زیانی پێگەیشتووە، بۆیە گفتوگۆی کراوەی ئێمە، بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتی کوردە، لەپێناو بەدیهێنانی ژیانێکی ئارام و پێکهێنانی کیانی کوردستانی و خۆدانەبڕینە لەجیهاندا، دەبێت کەسایەتی کوردی لەڕێگای بوژانەوە و وریابوونەوە و زانستدا سیفەتە جیهانییەکان پەیدا بکاتەوە، وەکو چۆن شارستانیەتی کوردیی لەکۆندا شارستانیەتێکی جیهانی و بۆ پەرەپێدانی گشت مرۆڤایەتی بووە.

لەگرنگ گرنگتر ئەوەیە چۆن و بەچ شێوازێک  و لەکوێ و لای کێ چارەسەری کێشەکان دەدۆزینەوە؟ هەندێکمان پێمان وایە چارەسەر لای دوژمنە، هەندێکی دیکە دەیانەوێت وزە و تونا لەفەلسەفە و کەلتووری کۆن و ڕێگا چارە ئیبراهیمییەکاندا دروست بکەن.
ئەمانە دەتوانرێت وەکو سود وەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی سەرچاوە فکرییەکانمان بەکاربهێنین و لەچوارچێوەی گفتوگۆی فەلسەفە و شارستانیەتەکاندا سوودیان لێوەربگرین، بەڵام بەدڵنیاییەوە چارەسەری بنەڕەتی لەنێو کەلتووری ڕەسەنی کوردییە، بەزمانی کوردی و بیرکردنەوە و بەژرەوەندیی کوردستانییەکانە.
لەکوردستاندا پێکهاتەی نەتەوەیی  وئایینی جیاواز دەژین ئەمانە کەلتووری چارەسەرن.

لەکۆندا کورد خاوەنی چەندین ئیمپراتۆریەت بووە، کەلتووری کوردیش لەگەڵ کەوتن و رووخانی ئیمراتۆریەتەکان رووخا، وامان بەسەر هات، وەکو ئەو کەسەمان لێبێت "لەسەر پشتی کەرەکەمان بین و بەدوای کەرەکەشماندا بگەڕێین".  گفتوگۆ لەنێوەخۆمان، کرانەوەی فکریی و هزریی ناوەخۆمانی پێویستە، داننان بەیەک و سڕینەوەی سنووری ناوچەگەریی و هۆز و خێلە گۆشەگیرکراوەکان و خۆفەرزکردنی تاکڕەویانەی پێویستە نەهێلدرێن، بۆ ئەوەی یەکبوونێکی کوردستانی و گوتارێکی یەکگرتوومان هەبێت، بۆ ئەوەی بەدوای ئەو شتەدا نەگەڕێین، کە لای خۆمانە نەک لای دوژمنەکەمان. گفتوگۆی کراوە و ڕێزگرتنی یەکترمان پێویستە، کە ئەمەشیان لای خۆمانە نەک لای دوژمنەکانمان، بیرۆکەی بوژانەوە و پێشکەوتن لای خۆمانە نەک دوژمنەکانمان، بیرۆکەی متمانە و کەسایەتییەکی بەرهەمهێن و گەشەسەندوو لای خۆمانە نەک دوژمن.. گفتوگۆ لەبارەی بەیەکەوەژیان و ژیانێکی ئارام و کیانێکی کوردستانی لای خۆمانە نەک دوژمن، حکوومەتێکی باش و چاک و دەستپاک لای خۆمانە نەک دوژمن.. هەموو ئەو شتانە تەنیا بەخۆمان دەکرێت، بۆ ئەوەی لەسنووری بێدەنگی دەربازبین و لەجیانهێکی ئاسودە و ئارام و مرۆیانە بژین.

ئەمانە هەمووی لای خۆمانە، تەنیا بیرکردنەوە و بڕیاریش لای خۆمانە، بەمەرجێک کەسایەتییەکی کوردستانی خاوەن شارستانی  و مەعریفەدرامان هەبێت.

لەم کتێبەدا باسی شارستانیەتی خۆمان لەمێژوودا دەکەین و کارمان ئەوەیە ڕێگەی بیکردنەوە و وریابوونە و بوژانەوە دیاریی بکەین، ئیرادەی فکری و عەقڵ لای تۆی ئازادە، ڕەخنەگرتن بەواتای سڕینەوەی شتەکان و هەڵەکان نایەت، بەڵکو هەولێکە بۆ ئاسانکاریی لەپێناو تێگەیشتن و گەشەپێدانی توانای مەعریفیمان. ڕەخنە بەگفتوگۆوە

بەستراوەتەوە، ڕەخنەی تاڵ، لە شەکراوی خۆ کوژیی باشترە، ئازاری رەخنە و گفتوگۆ لە درێژەکێشانی نەخۆشییەکان و مانەوە لەنێو دواکەوتن باشترە. ئێمە بیر لە شێوە فۆرمێکی کوردستانی دەکەینەوە، فۆرمێک دوور لەبێت لە ئایدالیزم و خۆ لەقالبدان و خۆبەستنەوە بە سنوورێکی دیاریکراوی خۆکوژ. بیرۆکەی ڕێنسانس، بیرۆکەی (ڕەخنە و شیکردنەوە و بیناکردن و گەشەپێدانە) ئەمە کارێکە لەپێناو پاراستنی کیانی کوردی لە کوردستانی عێراق و بوژانەوەی گیانی یەکبوون و هاوکاری و هەماهەنگییە لەنێوان سەرجەم کوردستاندا.

گفتوگۆی ئەم کتێبە، دابڕان و سڕینەوەی هیچ کەلتوور و سەردەم و فرێدانی هیچ قۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیان لە کوردستان (بەباش و خراپییەوە) نییە، ئەم بیرکردنەوەیە ڕەتکردنەوەی هیچ پێکهاتە و کەلتوور و دامەزراوە و حزب و ڕێکخراوێک نییە، بەقەد ئەوەی دۆزینەوەی زەمینە و ڕێگاکانی گەیشتنە یەک و بوژانەوەی گیانی یەکبوونە، پاراستنی دەستکەوتی قوربانییەکانی خەڵکی کوردستانە، هاوکارییە بۆ تێگەیشتن و بەدیهێنانی زمانێکی سەردەمیانە، گوتارێکی هاوبەش و بەرنامەیەکی گشتگیری کوردستانیانەی دوور لەخۆخۆریی و خۆویستی تاکڕەوانەی کوێرانە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە پێویستی بە کرانەوەی مێشکێکی چالاک و هاوچەرخ هەیە، تۆش دەتوانی خۆت بەخاوەنی بزانیت و بەکاری بهێنیت و تێیدا بەشدار بیت، ئێمە لەگەڵ بیناکردنین نەک سڕینەوە و رووخاندن، ئێمە لەگەڵ بنەمایەکانی لەیەکتر گەیشتن و گفتوگۆین نەک سەرکوت و ڕەتکردنەوە و داتەپاندن و هەڵوەشاندنەوە. ئەم کتێبەی ئێمە، دەکرێت کتێبی تۆش بێت، بیر و لێکدانەوەی تۆش بێت.

بوژانەوەی ناخی خۆت، ناخی خێزان و کۆمەڵگا، ناخی حزب و دامەزراوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و زانکۆ و زانست و تەنیا ژینگەش پەیوەندی بە ئامادەیی و بوێری تۆوە هەیە، ئێمە لەم کتێبەدا نە لەئاسمانەوە سەیری دیاردەکان دەکەین، نە لەکاردانەوە قسە دەکەین و نە لەپەراوزێکی داخراودا بیر دەکەینەوە، نەخێر ئێمەش وەکو تۆ دەمانەوێت لەڕەشبینی و نەزانین و کوێرەوەری و ترسەکان لەبارەی ئایندەمان دەرباز بین.

ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە و گفتوگۆیە.. ئەمەش پێویستی بەتۆیەکی هوشیار و کراوە و هەڵگری بڕوای بڕوادارنە هەیە، ئەم کتێبە بڕوای بەپەرەپێدانی حکوومەت و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کوردستانی هەیە، نەک تەفروتونا کردن، ئەم

کتێبە بڕوای بە دروستکردنەوەی کەسایەتی تاکی کوردی دوور لەنەخۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و فکریی هەیە، بۆیە بیخوێنەوە و بەشداری تێدا بکە و بڵای بکەوە و گفتوگۆی دەگەڵدا بکە.